# به ئومێدی چاکه له شه‌یتان !



د. ئه‌حمه‌د میراوده‌لی
Mirawdaly@hotmail.com

له‌م ڕۆژانه‌دا بیرم له‌وه‌ ده‌کرده‌وه‌ دوای گاڵته‌جاڕی به‌ هه‌ڵبژاردن و هه‌تککردنی دیمۆکڕاتی وسوکایه‌تی به‌ گه‌لانی ئه‌و وڵاته‌ی که‌ناوی ئێڕاق بوو له‌لایه‌ن ئه‌مه‌ریکاوه‌, ده‌بێ لایه‌نه‌ به‌شدارکاره‌کانی ئه‌و گاڵته‌جاڕییه‌, چۆن بکه‌ونه‌ فرتوفێل و دیشکه‌م وخه‌نجه‌ری ژاراوی له‌ پشتی یه‌کدیدان. بیرم له‌وه‌ ده‌کرده‌وه‌, سه‌رکردایه‌تی پارتی و یه‌کیه‌تی چۆن به‌ ئومێدی چاکه‌ له‌ شه‌یتانه‌وه‌ خۆیان توشی کۆڵانێکی داخراو کردوه‌ له‌گه‌ڵ ڕه‌گه‌زپه‌رستانێك جگه‌ له‌ عڕوبه‌ و زمانی ساتوڕ و سه‌ربڕین به‌ناوی خوداوه‌ چیتر تێناگه‌ن, چۆن خۆیان هه‌ڵداوه‌ته‌ گۆمێکی بێبن که‌ مه‌له‌ی تێدا‌ناکرێ !.

هه‌ر له‌و ڕۆژانه‌دا (گوێین دایه‌ر) ڕۆژنامه‌وانێکی سه‌ربه‌خۆ له‌ ڕۆژنامه‌ی (ڕیکۆرد)ی شاره‌که‌ی لێیده‌ژیم (کیتچنه‌ر) له‌ که‌نه‌دا له‌ژێر سه‌رووتارێك که‌ مانای( هۆسه‌و هه‌رای ئێڕاق ئێستا ده‌ستپێده‌که‌ن) وتارێکی بڵاوکردبۆوه‌ و تیایدا باسی کۆسپه‌کانی داهاتوی به‌رپێی ئه‌مه‌ریکای کردبوو.

ئه‌گه‌رچی زیاتر من بیرم له‌ کۆسپی سه‌ر ڕێگه‌ی ده‌سته‌ڵاتدارانی باشوری کوردستان ده‌کرده‌وه‌ له‌ ده‌سته‌به‌رکردنی ئه‌و مافه‌ کلکو باڵکراوانه‌ی که‌ به‌ڵێنیان به‌ گه‌لی کوردستان داوه‌. (گوێین) باسی ئه‌و سه‌رئێشانه‌ی کردوه‌ که‌ دێنه‌ ڕێگه‌ی سه‌رکردایه‌تی ئه‌مه‌ریکا, به‌ڵام بۆچونه‌کانمان له‌ هه‌موو خاڵه‌کاندا یه‌کیانگرتۆته‌وه‌ بۆیه‌شه‌ به‌زۆری بۆچونه‌کانی ئه‌و ده‌خه‌مه‌پێش چاو نه‌بادا ببێته‌ دزی. به‌ڕای ئه‌و هه‌رچه‌ند به‌ ڕاشکاوی ئامێژه‌ی بۆ نه‌کردوه‌, کوردیش به‌ناچاری ده‌بنه‌ لایه‌نێکی سه‌رئێشه‌که‌. دیاره‌ گڕوپ گڕوپێن ده‌ستی پێکردوه‌ بۆیه‌ به‌ڕێز مه‌سعود بارزانی له‌ دیمانه‌که‌یدا له‌گه‌ڵ ڕۆژنامه‌ی ( ئه‌لقه‌به‌س) ی کوێتی, دژی هاوپه‌یمانێتی به‌مه‌به‌ستی دژه‌کاری لایه‌نێکیتر ده‌وه‌ستێ.

گوێین: ئه‌ڵێت ( هه‌ڵبژاردنه‌که‌ هێنده‌ خوێناوی نه‌بوو وه‌ك زۆرینه‌ی خه‌ڵك بۆیده‌چوو. عه‌ره‌به‌ شیعه‌کان ده‌نگیان دا بۆ وه‌ده‌ستهێنانی ئه‌و مافه‌ی که‌ له‌دێره‌وه‌ لێیان زه‌وتکراوه‌ له‌ڕامیاری ئێڕاقدا. کورد ده‌نگی دا بۆ پاراستنی ئه‌و نیمچه‌ په‌یوه‌ندیی یه‌ی ئێستایان له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی ئێڕاق, سوننه‌ عه‌ره‌به‌کانیش زووربه‌یان ده‌نگیان نه‌دا. ڕاسته‌ که‌ به‌زۆری عه‌ره‌به‌ سوننه‌کانن دژی" یو ئێس" ده‌جه‌نگێن له‌م کاته‌دا, لێ ئه‌مه‌ش پێشنیازی ئه‌وه‌ناکات که‌ به‌رگری به‌ره‌و لاوازی ده‌ڕوا).

سه‌رکردایه‌تی له‌شکرسازی ئه‌مه‌ریکا وای بۆده‌چن که‌ هه‌ر نه‌بێ, به‌لایه‌نی که‌مه‌وه‌ بۆماوه‌ی دوو ساڵی دیکه‌ش ده‌بێ له‌ ئێڕاق بمێننه‌وه‌. پێنتاگۆنیش له‌و بڕوایه‌دایه‌ که‌ زۆرتریش ده‌خایه‌نێ.

هه‌رچه‌نده‌ ده‌نگوباس واده‌گیه‌نێ که‌ ( وایت هاوس) زۆر به‌ په‌رۆشه‌وه‌ له‌ ڕێگه‌چاره‌یه‌ك ده‌گه‌ڕێ که‌ به‌زووترین کات له‌ ئێڕاق بکشێته‌وه‌, به‌ڵام هیچ به‌ڵگه‌یه‌کی وه‌ها به‌ده‌سته‌وه‌ نییه‌ که‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی بوش بڕیاری کۆتایی گه‌مه‌ی ئێڕاقی دابێ.

جۆن پایك: له‌ ڕێکخراوی(ئاسایشی گلۆب) که‌ ڕێکخراوێکی سه‌ربه‌خۆیه‌ بۆ دۆزینه‌وه‌ی ڕیگه‌چاره‌ی به‌رگریی وڵاتان, به‌ڕێکخراوه‌که‌ی خۆی ڕاگه‌یاندوه‌ که‌ دوازده‌ بنکه‌ی سه‌ربازی درێژخایه‌ن له‌ ئێڕاقدا له‌ دروستکردندان.

پایك: ده‌پرسێ, سوپای ئێڕاق چه‌ند فڕۆکه‌ی شه‌ڕکه‌ری هه‌یه‌ ؟ هیچ. چه‌ند ده‌بابه‌ی هه‌یه‌؟ هه‌ر هیچ. ئه‌و وڵاته‌ چۆن ناوزه‌د ده‌کرێ که‌ نه‌ ده‌بابه‌و نه‌ ته‌یاره‌ی هه‌بێ ؟ بێ گومان ده‌بێ ناوی بنێین پاریزراو (مه‌حمیه‌) پایك له‌سه‌ر ڕاپۆرته‌که‌ی ده‌ڕواو ده‌ڵێ, ئه‌وان (مه‌به‌ستی ئه‌مه‌ریکایه‌) هێنده‌ له‌دواوه‌ن هێشتان بڕیاریشیان نه‌داوه‌ چیان پێ بفرۆشن.

گومان له‌وه‌دانییه‌ ئه‌مه‌ریکا ده‌یه‌وێ له‌ئێڕاقدا بمێنێته‌وه‌, ڕامیاری ئه‌مه‌ریکا هه‌تا ئێستا وابووه‌ و ناشیگۆڕێ, هێزی سه‌ربازی گه‌یاندبێته‌ هه‌ر وڵاتێك لێی ده‌رنه‌چووه‌, بۆ نموونه‌ش وا زێده‌ له‌ نیو سه‌ده‌یه‌ هێزه‌کانی له‌ ئه‌ڵمانیاو کۆریاو ژاپۆن ماوه‌. لێ جگه‌ له‌ کورد, هه‌موو لایه‌نه‌ عه‌ره‌به‌کان به‌ شیعه‌و سوننه‌وه‌ ده‌یانه‌وێ ئه‌مه‌ریکا ده‌رچێ.

له‌ برگه‌یه‌کدا( گوێین) ده‌ڵێ, له‌ چه‌ند ڕۆژێکی داهاتوودا ده‌نگه‌کان لێك هه‌ڵداوێردرێن و لایه‌نه‌ به‌شداره‌کان, ده‌بێ هه‌تا کۆتایی مانگی مارت ده‌سته‌ڵات به‌شبکه‌ن و به‌زمه‌که‌ش لێره‌وه‌ ده‌ستپێده‌کا. منیش هه‌ر له‌و بڕوایه‌دام !.

هه‌ر وه‌کو گوێین ئاماژه‌ی بۆکردوه‌, هه‌تا ئێستا هه‌موو ئه‌ندامانی ده‌سته‌ی حوکم دوای لادانی سه‌ددام, ده‌ستنێژی ئه‌مه‌ریکا بوون و نه‌یان وێراوه‌ ئه‌و ئه‌نگوسته‌ بگه‌زن پارووی ده‌کرد به‌ ده‌میانه‌وه‌, وه‌ك عه‌للاوی کۆنه‌ (سی ئای ئه‌ی).

ئێستا دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێ کە ژمارەیەکی زۆر لە هەڵبژێردراوان داوای دەرچونی هێزەکانی ئەمەریکا بکەن, بەتایبەتیش گرۆپە شیعەکانی سەر بە سیستانی. شیعەکان کە زۆرینەی گەلی ئێراقن, زۆرینەی دەنگەکانیش دەهێنن. نابێ ئەوەشمان بیرچێ کە هەموو لایەنێکیش میلیشیای سەربەخۆی هەیە. لەناو ڕیزەکانی سوپاو پۆلیسیشدا دیسانەوە شیعەکان زۆرینەن, جا ئەگەر ڕۆلی سەرەکیان کەوتە دەست هیچ دوورنییە داوای کشانەوەی ئەمەریکا بکەن. لێ ڕۆژنامەوان گوێین بەدووری نازانێ کە گرۆپی سەر بەحەوزەی شیعە وەلا بنرێن, لەبەر ئەوەی عەلمانی یە شیعەکان لەوەدەترسێن مەلاکان لەژێرەوە بەتەمای ڕژێمێکی ئیسلامی شێوەی ئێرانبن هەرچەندە سەرزارەکی ئەوە ڕەتدەکەنەوە.

بەزۆری وابڕوادەکرێ کە شیعەکان زیاتر لە سوونە عەرەبەکان پەرۆشی ڕژێمێکی ئیسلامیبن, بەڵام لە ڕاستیدا ئێستا عەرەبە سوننەکانی ئێڕاق زۆر لە شیعەکان بەپەرۆشترن, ئەم وەرچەرخانە لە ناکاوەی سوونەش( گوێین) دەیگێڕێتەوە بۆ لەدەستدانی ئەو دەستەڵاتەی هەتا هەنوکە هەیانبوە و ئاشکراشە هەر ئەوانیشن هەتا ئێستا بەرگری دەکەن و لایانداوە بەلای ئیسلامی ڕادیکاڵدا. بۆیەشە دژی ئەمەریکا ئەگەری یەکگرتنیان هەیە لەگەڵ گرۆپی سیستانیدا.

ئەگەر عەللاوی بتوانێ لە گرۆپەکەی خۆی و هەندێك لە سوننە عەلمانی یەکان و کورد, بەرەیەکی سەر بە ئەمەریکا پێکبێنێ, ئەوکاتە حەوزەی شیعەی سەربە سیستانی بێ دەستەڵات دەبێ. ئەمەش ڕەنگە تەنها ڕێگەچارەبێ بۆ هەڵپەستاردنی داواکاری بەرەی سەربە سیستانی لە دەرچونی هێزەکانی ئەمەریکا. بەڵام ئەگەر سیستانی ئاوا دەستی ببەسترێ لەوانەیە خۆی یان هەندی لە هاوەڵەکانی ئارامیان نەمێنێ. ئەوکاتەش فەت وای ڕاپەڕین دەدەن و گرفتی دابینکردنی ئاسیش لە ئێڕاقدا چەندین جار گرانتردەکا.

جا پرسیار ئەوەیە لەم کەینو بەینەدا کام لایەن باشتر دەستی کورد دەبڕێ ؟ ئایا کورد دەتوانێ ئەم هەلە بقۆزێتەوە بۆ دەستکەوتێکی گەورەتر ؟

ئەگەر شەڕی نێوخۆ ڕویدا بەشداری دەکەین یان لە حەمرین داوای ڤیزە دەکەین ؟

2005/2/5